# پەیماننامەی  سوید- عیراقی بەبێ هیچ کاریگەریەک

بەگوێرەی پەیمانێکی تازە لەگەڵ حکومەتی عیراق ، حکومەتی سوید دەتوانێت بەزۆر پەنابەرە عیراقیە وەرنەگیراوەکان بنێرێتەوە.
بەڵام زۆر دوو دڵی ئەبینرێت لە وەی کە بتوانن ئەنجامی بدەن. هەرچەندە دەسەڵاتدارانی عیراق و سوید ( وەثیقەی تەفاهوم ) یان ئەنجام داوە لەنێوانیان کە رێگا ئەکاتەوە بۆ بەزۆر ناردنەوەیان ، بەڵام لەوانەیە زۆر زەحمەت بێت تەنها یەک پەنابەریش بەرەزامەندی خۆی بچێتەوە. رێکخراوی جیهانی پەنابەران  UNHCR  بەردەوامە لە دژایەتی ناردنەوەی پەنابەرە عیراقیەکان سەرەڕای باشتربوونی باری ئاسایش لەم ماوەی دواییەدا.

لەوکاتەی زۆربەی پەنابەرە عیراقیەکانی نارەڕاست و خوارووی عیراق مافی پەنابەراتییان لە سوید وەرگرتووە ، لەوە ئەچێت ئەم پەیمانە پتر دیاریکراو بێت بۆ نزیکەی 400 پەنابەری کوردستانی عیراق کە مافی جێنیشین بونیان درێژنەکراوەتەوە.
کەدێیتە سەر کوردستانی عیراق  UNHCR  ڕازی ئەبێت لەسەر ناردنەوەی پەنابەران ئەگەر خۆیان لەم ناوچەیە هاتبن و تاکە تاکەش بریاریان لە سەر درابێت.

بەگوێرەی ووتەی **ڕەند شەوکەت** کۆنسولەنت لە رێکخراوی  Care4you  کەزانیاری لە سەر کوردستانی عیراق هەیە، داسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان قەت ڕازی نابن بەم پەیمانە ، "من وەکو بۆچونی خۆم بروا ناکەم کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان ڕازی بن بەوەرگرتنەوەی پەنابەرانی کورد ئەگەر بەزۆر بنێردرێنەوە. جا ئەم پەیماننامەیە قەت نایەتە بواری جێبەجێکردن ".

بەگوێرەی هەواڵی بیرۆی عیراقی، هوشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عیراق ئەڵێت، ناردنەوەی پەنابەران ئەبێت بەرەزامەندی خۆیان بێت، هەر چەندە لەپەیماننامەکەدا هاتوە کەوا ئەگەر بەرەزامەندی خۆیان سەفەرنەکەن ئەوە زۆریان لێدەکرێت کەسوید بەجێبهێڵن وەکو دوایین شانس.

پرسیاریش ئەوەیە ئایا  UNHCR  بۆچونی ئەگۆرێت لەبارەی عیراق؟ ئێستا کۆبونەوەیان هەیە لە جنێف لەسەر ئەگەری باشتربوونی باری ئاسایش لە عیراق. راوێژکارانی ئاسایشی عیراق، دوو رۆژ لەمەوبەر هەستان بەهەڵسانگاندنی باری ئاسایش و ئەڵێن کەتوند و تیژی بە ڕاژەی 70% کەم بوەتەوە بە هەڵسەنگاندنی لە گەڵ هاوینی ڕابردوو.

لەگەڵ گۆڕینی بۆچونیUNHCR  لەبارەی عیراق ئەوە کاری ناردنەوەی پەنابەران زۆر ئاسانتر ئەبێت.

لەساڵی 2007 دا 18559 عیراقی گەیشتونەتە سوید لە وانە 10000 کەس مافی پەنابەریان وەرگرتووە.
سوید خەڵکی عیراقی زۆر وەر ئەگرت هەر بۆیە عیراقیەکان زیاتر ڕوویان لەم وولاتە ئەکرد. هەروەها سوید بەم زووانە سەفارەت لە عیراق ئەکاتەوە.

پەیماننامەی نێوان سوید و عیراق جولانێکی خستۆتە ناو پەرلەمانی دانیمارکەوە. چەند پارتییەکی دانمارکی ڕەخنەی زۆریان لە حکومەتی دانمارک گرتووە کە گوایە تائێستا نەیانتوانیوە پەیمانێک لەگەڵ حکومەتی عیراق ئەنجام بدەن سەرەڕای چەندەها هەوڵدان.

وەرگێرانی : باوکی ڕەنج _ لە رۆژنامەی ئینفۆرماشیۆنی دانمارکی _ بەرواری 22-02-08

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com